


لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بنەچەی مقامی خورشیدی و لێکدانەوەی زانستی مقامەکە لەچەند ڕوانگەیەکەوە

# سرووتی (خورشیدی)

پێشەکی وەک دەزانین پێشتر هونەر وەکو بەشێکی سەربەخۆی نێو کۆمەڵ بونی نەبووە بەڵکوو زیاتر خراوەتە خزمەتی ئەو فاکتەرانەی کە کۆمەڵگای پێ رێکخراوە بەتایبەت ئاین.. هونەر زیاتر لە سرووتە ئاینیەکاندا خۆی دەبینیەوە تاوەکو بە بەشێکی سەرەکی نێو کۆمەڵگا وەدیار کەوتبا هەڵبەتە ئاینە کۆنەکانی کورد کە دیارە و لە پێشمانە بە سەرچاوە و مێژوو ئاینی (میترای وزەردەشتیە) کە هەردوکیان بە زمانی ماچۆی کۆنن، ئەگەر چی سەرچاوە عەرەبیەکان دەڵێن مقامی حیجازکار لە سرووتێکی ئاینی (ماجووسیەکان)ەوە کە بە زمانی ماجووس وتراوە وەرگیراوە. راستیەکەی هەموو ئەو ئاینانەی کە هەبوون لەم ناوچەیەدا و سرووتێکی هەبێت بە ناوی (خوورشیدی) زمانێکیان نەبووە بەناوی زمانی ماجووس.
دەکرێت وا لێکدانەوەیان بۆ کردبێت کە ئەمانە ئاگر پەرستن. وەلێ نە زەردەشتیەکان و نە میترایەکان ئاگر پەرست نەبوون، مێژووی تایبەتی هەردووک ئایین پەرستشێکیان نیە بە ناوی ئاگر پەرستی. دەکرێت لە ڕوانگەی زەردەشتیەکانەوە ئاگر بەهایەکی تیابەتی بوبێت بەڵام هەرگیز پەرستش نەبووە، ئاینی (میترا)یش کە ئاینی کۆنی مادەکان و ئاینی ئەو نەتەوانەن کە لە مادەکانەوە شۆڕ دەبنەوە بە زمانی ماچۆی کۆن و نیوەیەک لە ماچۆی ئێستان (ئاینی خۆر) پەرستی بوون و ئاگر بەهایەکی پەرستن نەبووە لە ناویاندا. پیرۆزی دراوە بە خۆر هەر وەکوو چۆن سینیە کۆنەکان پێیان وایە کە خۆر خوا بوە و سکی یەشاوە ڕشاوەتەوە زەوی لێدروست بووە ، هەروەها خۆر دروستکەر و سەرچاوەی ژیانە لە ئاینی میتراشدا دیسان هاوچەشنیەکی لە چەشنە هەیە، وەکو ئەوەی خۆریان بە سەرچاوەیەکی گرنگ داناوە بۆ ژیان کردن و پەرستویانە.
فارسەکان لایان وایە ئەگەر هەموو زمانی فارسی بسڕێتەوە ئێمە دیسان دەتوانین لەسەر زمانی ( ماچۆی کۆن، ماچۆی ئێستا، کوردی ناوەڕاست) دەتوانین بنیادی بنەینەوە، دەی ئەمە بۆ داڕشتنەوەی (موسیقی ردیف اصیل ایران) هەرهەمان شتە هەروەها مێژوو شایەتی ئەم بابەتەیە کە سرووتەکان مێژوویەکی گەلێ کۆنتر لە (ڕدیف) و(پەیژەی مقاماتی رۆژهەڵات)ە هەر بۆیە ئەگەر بێژم ئێمە بە شایەتی مێژوو دایکی هەردووکیانین ئەوە زیادە ڕۆی نیە.
لەڕوانگەی ووشە سازی کە بەشێکی گرنگە بۆ لێکدانەوەی هەر بابەتێکی هونەری و مێژووی هەروەها زانستێکی نێو ئەدەب و ڕێزمانەوانی هەموو زمانێکە. وشەی (خوورشیدی) لە وشەیەکی زمانی ئاینی میترایە کە ماچۆی کۆنە لە دوو بڕگە پێکهاتوە (خوور) (شیئد). (خوور) واتا (خۆر) کە پیرۆزیە گەورەکەی ناو ئاینی میترایە، (شیئد) واتا (تیشک) هەردووک پێکەوە دەبنە (تیشکی خۆر)، وەکوو وتمان ئەم سرووتانە پێشووتر لە خزمەتی ئاینەکاندا بوون بۆ لابردنی ئەو بارە دەروونیانەی کە توشی شوێن کەوتەی ئاینەکە بون. یانیش لە بۆ خوێندنەوەی بەیتە ئاینیەکان بوون کە دیسان ئامۆژگاری و یاسا و ڕێسای سەردەمی خۆیان بوون. وشەی تیشکی خۆر یان (خوورشید) جگە لەوەی کە پێگەیەکی کەسایەتی ئاینی بووە وەکو چۆن دەڵێین (مەلا،قەشە،وەیس،سەید....) کە ناوێکی تایبەتی پلەی ئاینین و هەر ئاینێک ناوی تایبەت هەیە، ئەم وشەیەش لە ئاینی میترا دا پلەیەکی ئاینی ڕابەرە دینیەکانیان بوە ، چونکە ڕێ پیشاندەری سەردەمی خۆیان بون بۆ شوێنکەوتوانی ئاینەکەیان بوون بۆیە بە ڕێنیشاندەرەکانیان ووتوە خورشید، هاوکات ئەم وشەیە سووێندی پێ خوراوە. لەوانەیە سەردەمی منالێی هەر یەکەمان یاخود تاوەکوو ئێستاش مرۆڤەکانی دەوروبەرمان لە هاوزمانەکانمان ببینین سووێند بخۆن بڵێن (قەستەم بەو تیشکە خۆرە) یاخوود لە گەرمیاندا زۆرجار دەبیستین ئێژن (سوێند بەو پرشە خۆرە) ئەم بەبەتە نامەوێ بە وردی برۆمە سەری چونکە بابەتێکی جێنەتیکیە و سەربە (زانستی بایۆلۆژیە) هەڵبەتە زۆر بە کورتی تۆماری جینەتیکی میترای لە ئێمەدا هەرماوە.

دوو شت هەیە لێرەدا تۆزێک لەسەریان بدوێم.

یەکەم: شەرواڵێك هەیە لە گەرمیان کە ڕەنگی (سپیە )و لە ژێر کەواو چاکەت لەپێ دەکرێت
دوەم: دەرگای خورشیدی کە دیسانەوە (سپیە)

باشە بۆ ڕەنگە سپیەکان بەم ناوەوە واتا بەناوی (خورشیدی)ەوە ناوبنرێن؟؟
پرسیارێکی گرنگە زۆر (؟؟؟؟)
تەبعەن لە ئاینی میترادا ئەم ناوە واتای بێگەردی و (سپێتیش) دەدا چونکە لە ئەزەڵدا تیشکی خۆر واتا (خورشید) ڕەنگی سپیە
زانای گەورەی فیزیای زانا (نیوتن) لە ١٧٦٠تەکان کە ژیا سەلماندی کە تیشکی خۆر بۆخۆی سپیە و لە حەوت ڕەنگ پێك هاتوە بە هۆی ئاوێزەیەکەوە تیشکی خۆری دابەشکرد بۆ حەوت ڕەنگ، کە ئەو حەوت ڕەنگە یەك بگرن دیسان (سپی) پێکدێننەوە.. کەواتە لەبەر ئەمەیە کە ڕەنگی سپیشیان زۆور لا پیرۆز بوە وەکوو مێژوو هاوشانی یەك نین وەلێ دەشکرێت میترایەکان زانیبێتیان کە ڕەنگی تیشکی خۆر سپیە

لە ڕوانگەی زمانی وتنەوەی خوورشیدی پێشووتریش ئاماژەم پێدا کە زمانی ماچۆیە کۆنترین زمانی کوردە کە بە مێژوو سەرچاوە لە پێشماندا بێت کە تاوەکوو ئێستاش جەندین ناوچەو هۆز و تیرەی ئاینی کوردی هەیە هەر بەو زمان قسە دەکەن لەوانە ناوچەی هەورمان، ئاینی زەردەشتی بە گشتی و ئاینە شۆڕبوەوەکانی ئەو ئاینە، کاکایەکان، زازاکیەکان چەند شارێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەروەها چەندین شاعیری کوردمان هەنە بەو زمانە شیعریان نوسیوە دیارتیرنیان (بێسارانی،مەولەوی....هتد) شاعیری گەورە م (مەولەوی) کە خەڵکی (تاوەگۆزیە)، ڕستە شیعریەکانی ئەوم هۆنراوە نووسە بەتەواوی لە بەرگی سرووتی خورشیدیا خۆی دەگرێتەوە و بۆی شیاوە، وەکوو تر ئەوەی بە هەر شێوە زارێکی تر ئەم سرووتە بووترێتەوە لە ڕەسەنیەتی خورشیدی لایداوە. ڕێگە پێدراوە وەکوو سروتێکی ئاینی بەکار نەیەت وەلێ بەهۆی خلیسکی سروتەکەوە لە ڕووی وتنەوە گونجاوترین شێوەزار ماچۆیە و داڕشتەی وشەسازی زمانی ماچۆ ئەو خلیسکیەی تیا دەبینرێت، هەروەها هەڵبژاردەی سرووشتی سرووتەکەش هەر سرووشتێکە کە ماچۆ گۆ نشینەکانی لێیوە.
لە ڕوانگەی مقامات یان پەیژەی زانستی مۆسیقیەوە زوڵمە ئەگەر ئەم سروتانە بدەینە پاڵ ڕدیف یان پەیژەی مقاماتی ڕۆژهەڵات چونکە وەکوو مێژوو سرووتەکان کۆنترن تاوەکو پەژە و ڕدیف، هاوکات دەشێت بڵێین پەیژەی مقاماتی رۆژهەڵات یان ڕدیف دەکرێت دەستگا یان پەیژەیان تیا بێت لەمان بن دیسانەوە چونکە وەکوو مێژوو سرووتەکان کۆنترن، ئێستا ئەگەر دیسان سرووت یان مقامی (خوورشیدی) وەرگرین ، دەزانین کە خورشیدی زۆر زۆر کۆنترە لە پەردەیەکی وەکو ( حیجاز کار) لە مقاماتی ڕۆژهەڵاتی یان دەستگایەکی وەکو(چهارگاە) لە ڕدیفی ئێران. ئێمە دەزانین حیجازکار خاوەنی کۆمەڵێک فەرعە پەردەیەکی گەورەتر لە مەودای وتن و ژەنینی هەیە، هاوکات دەشزانین دەستگایەکی وەکو (چهارگاە) لە ڕدیفەکەی کەسای گەورە نەی ژەندا ، دەستگایەکە بە دوو دەرامەد و پازدە گۆشەوە، بەڵام بەڵام هیچ خانویەک بێ یەکەی درووست بون نابێت.

ئێمە دەزانین (بیردۆزی پەرەسەندن، ئیڤەلوشنس ثیۆری، النضریة تطور) بەشێکە لە ڕوداوەکانی هەسارەکە، مرۆڤیش بەشێکی ڕووداوەکانە. دەی هەڵبەتە بەهەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ هەیەتی لە پرۆسەی گۆڕانکاری پەرەسەندندان.. ئەم پرۆسەیە گوێ بەوە نادا چی و کێ خاوەنی کامەیە، زیاتر میکانیزمی (هەڵبژاردەی سروشتی) وایە کە دەکری بنەچەی دوو دانە شت یەک بن کەچی هەردوکیشیان لەیەک جیاوازن. لە تەکسۆنۆمی ڕەچەڵەکدا زۆر زیندەرەوەر دەچنەوە سەر یەک بە (کۆدێک) لە یەک جیاوازن پێموابێ نمونە لەسەر ئەمە زۆرە و ئەوەنەش ناڕون نیە. ئێستا دیسانەوە چ لە وانگەی مێژوو چ لە ڕوانگەی وشە سازی چ لە روانگەی زمانەوانی چ لە ڕوانگەی زانستی پەرەسەندنەوە ئێمە دەبێ بێین ڕچەڵەکی ماقامی حیجاز کار لەپەیژەی ڕۆژ هەڵات هەروەها دەستگای (چهارگا) لە ڕدیفی ئێران بگەڕێنینەوە سەر سرووتی (خوورشیدی) وەکوو فارسەکانیش دەڵێن ئەگەر هەموو شتێکیان لە ناو بچێت بە زمان و کلتوریانەوە ئێمە لەسەر ماچۆی کۆن دایدەڕێژینەوە و دیسان بنیادی دەنەینەوە، دەی دیارە ئەگەر ناسیۆنالستیانەو بە چاوی وردبینی و تێڕامانەوە لێی بڕوانین زۆر ڕونە ئاینی میترا وزمانی ماچۆیە کە یەکەی بنیادەکەیان ئێمەین...........

سەرچاوە:
نضریة مقامات شرقیة
پەیژەی و پەردەی مقاماتی رۆژهەڵات
تیۆری ڕدیف ئێران
ئاین ناسی
سرووتە ئاینیەکان
سرووتە زەردەشتیەکان
ئاینی کۆنی سینیەکان ، بەشی هەڵبژاردنی گەردوونەکەمان، کتێب دیزاینی مەزن

محمد لوقمان نوری
(ژەنیار گەرمیانی)